# نڤار نوێترین خەون بوو

یاسین بانیخێلانی

لـه هـەر جـێگەیەك شمشـێر هەبێت، لەو جێگەیە خەون نابینرێت، ئازادی کۆترێکی پەڕو باڵکراوە. ئیسلام هەر لە سـەرهەڵدانییەوە وەك نازیـیەکان دژی ئـەو بـیرو باوەڕانـە بـوو، کـە لەگـەڵ بیروباوەڕیـاندا نەدەگونجا. هیتلەر لە 31.11.1933 دا نامەیـەك بـۆ ڕۆزەنبـێرگ (Rosenberg) دەنووسێت و دەڵێ: (یەکێ لەهەرە مەرجە سەرەکییەکان بـۆ سـەرکوتکردنی جوڵانـەوەی ناسـیونالیزم قەڵاچـۆکردنی ئـەو بیروباوەڕانـە بـوون، کـە لە دژمان وەستا بوون). (سـەعدی کـوڕی وەقاس)یش پاش داگیرکردنی شاری (مەداین) نامەیەك بۆ (عومەری کوڕی خەتاب) دەنووسێت و دەڵـێ: (چـی لـەم هـەموو کتێـبەی شـاری مـەداین بکـەم)؟. عومـەری کـوڕی خـەتاب لـە وەڵامـدا دەڵـێ: (ئەگـەر نووسـراوی نـاو ئـەو کتێـبانە بـۆ ڕێـنمایی کـردنن! ئـەوا خـوا قورئـانی بـۆ نـاردووین، کـە باشترین ڕێنیشاندەرە. ئەگـەریش باسی ئەو شتانە دەکات، کە لە قورئاندا هەن ئەوا زیادەن، ئەگەر باسی شتانێکیش دەکات لە قورئاندا نیـیە ئـەوا مایـەی کوفـرەو زیانبەخشـن، بۆیـە سـوتاندنیان یـا بـە ئاودانـیاندا فـەرزەو خوا لە شەڕیان بەدوورمان دەگرێت). ئا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئیسلام و نازییەت هەمان ئامانج و مەبەستن، بەڵام لە دوو سەنگەری جیاوازدا.

بـیری ئیسـلام پـێمان خۆشـبێت یـا نـا دەگەڕێـتەوە بـۆ سەردەمە تاریکەکان، هەر بۆیە ئەوانەش دوای ئەو هزرە کـەوتوون وەك شەمشـەمە کوێـرە تـاریکی پەرسـتن و دژی هـەر تروسـکاییەکن لەهەرکوێـیەکەوە بەدەربکەوێـت. ئیسـلام ناتوانێـت بـێ کوشت و بڕ بژێت، چونکە ئەو بەو شێوەیە پەروەردەکراوەو هەر بەو شێوەیەش توانیوێتی پـێ بنێـتە ئـەم جیهانەی ئەمڕۆوە. هـەر کـەس لـە ئـێمە ئەگـەر تەماشـای قورئان بکات دەبینێت چەندەها جار وشـەکانی (قـاتلوا، واقـتلوا) کـە هاو واتای (بکوژن، وە بیانکوژن)ی کوردییە بەکارهاتووە بەرامبەر ئەو کەسانەی بـڕوایان بـە ئـاینی ئیسلام نەبووە یا بە شێوەیەکی جودا لە ئاینی ئیسلام بیریانکردۆتەوە. سەرەڕای ئەمانەش لە سـایەی زانسـت و تەکنەلۆژیاوە هـیچ وەڵامێکـیان پێـنەماوە، تەنها ئەوەندە نەبێت هەرکەس ڕەخنەیان لێبگرێت فـەتوای کوشـتنی بـدەن، چـونکە ئەگـەر وەڵامێکـیان لا دەسـت بکەوێـت ئەوا ئەمڕۆ ڕۆژی دانوساندن و دایالۆگە، دەیانـتوانی لـە ڕێگـەی نووسـینەوە وەڵامـی ئـەو کەسـانە بدەنـەوە، کـە ڕەخـنەیان لێدەگرێـت نـەك لـە ڕێگـەی تیرۆرەوە.

پـاش خوێـندنەوەی (بـەرایی) یەکـەی خوشکی بەڕێزم (کازیوە سالّح) لە ژمارە پێنجی گۆڤاری (نڤار) دا گەشتمە ئـەو بـڕوایەی، هـەر لـە سـەر جوقانـیـیەوە تـاریك پەرسـتەکان هەوڵی کوشتنی ئەو خەونە نوێیە دەدەن وەك هەر خەونـێکی تر! بەڵام ئەمە هیچ جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە ئەوانە تەنها لەتاریکیدا دەتوانن بفڕن، بۆیە لەهەر جـێگەیەك ڕونـاکی هەبێـت ئـەوان دەمی شمشێرەکانیان لەوێیە!. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوانەن لە پشتی

پەردەکانەوە ڕۆڵی خۆیان یاریدەکەن. ئەوانەی لەبەرەو مەدەنیەت چووندا (ڕۆسۆ) بە تۆزی پێڵاوەکانیاندا ناگات، من شەرمەزارییەکە لەوەدا دەبینم، بکوژانی (عبدالخالق معروف) مەحکوم دەکەن، کە چی قەڵغانی ئەو هێرشەن نڤار بەرەو چاڵی مەرگ ڕادەپێچێ. من چۆن دەتوانم لەوە بێدەنگ بم، کاتێك دەڵێن: کەوا نڤارو دەستەخوشکەکانی سوکایەتی بەخەڵکەوە دەکەن، کە لای من هیچ شتێك ئەوەندەی مرۆڤ پیرۆز نییە، بەڵام ئەوانە لە ئاست ئەو هەموو سوکایەتیکردنەی ئیسلامییەکاندا بەمرۆڤەوە نەك هەر بێدەنگن، بەڵکو بە ماف خۆشیانی دەزانن.

بۆیە چیتر ئەو کاتە بەسەر چوو ئێمە مانان گوێڕایەڵی ئەم یا ئەو بین، کە دەمانەوێت شتێك بڵێین. ئەو نووسەرانەیش لە ئاست داخستنی هەر ڕۆژنامەو گۆڤارێك بەهەر بیانوویەکەوە بێت بێدەنگ بن، ئەوانە نەك هەر نووسەر نین، بەڵکو دەهۆڵ لێدەرێکن تەنها بۆ شاباش دەهۆڵ لێدەدەن، چونکە داخستنی هەر ڕۆژنامەو گۆڤارێك یا ئازاردانی هەر نووسەر\شاعیرێك خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە سوکایەتیپێکردن بە نووسەرانەوە، دە کەواتە با ئێمە چەند لەبیروڕادا جیا بین، ئەوەندە لە هەڵوێستماندا یەك بین وەك ڤۆلتێر فەیلەسوف فەرەنسی دەڵێت: (من لەگەڵ تۆدا نیم، بەڵام ئامادەم لە پێناو ئازادیتدا خەبات بکەم).

21.05.2000 Berlin

©Kurdistan Net